یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

Revolutionareis Union of Kurdistan

شەوی رابردوو، مهاباد جارێکی دیکە گوڕەپانی تێکهەڵچوونی خەڵك و هێزەکانی رژێم بوو

لاوانی مهاباد دەسدرێژییەکانی هێزەکانی رژێمیان بە بەرد و کۆکتیل مولۆتۆف بەرپەرچ دایەوە

هەر ئیستا را پەرین دەستی پێکردووەتەوە

لە درێژەی ئەو هەستان و راپەڕینە جەماوەرییەدا کە لە رۆژی یەکشەمە 18ی پووشپەڕەوە، بە هۆی شەهید کرانی شوانە سەید قادری ئەندامی چالاکی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، مهابادی گرتووەتەوە، شەوی رابردووش مهاباد گۆڕەپانی خۆپیشاندان و تێکهەڵچوونی لاوانی ئەو شارە و هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بوو.

لە سەعات 8ی پاش نیوەڕۆی دوێنێدا، جارێکی دیکەیش لاوانی پایتەختی کۆمار، لە گەڕەکەکانی پشت تەپ و باغی شایەگان و مەیدانی ئیستیقلال و شەهرەکی مهابادەوە، هەستانەوە و بە ئاگرتێبەردانی لاستیکی ئۆتومبیل و بە سرودی ئەی رەقیب و دروشمی دژی رێژیم، درێژەیان بەو راپەڕینە یەك هەفتەییەی خۆیاندا.

هێزە دامەزراوەکانی رێژیم لە نێو شاری مهاباد لە داخی ئەوەی دانیشتوانی مهاباد ئامادە نەبوون دووکان و بازاڕ بکەنەوە، لە ئێوارەی دوێنێدا دەستیان کرد بە شکاندنی شووشەی پەنجەرەی ژمارەیەك دووکانی خەڵك. لاوانی راپەڕیوی مهاباد، ئەم دەسدرێژییەی هێزەکانی رێژیمیان بە هاویشتنی بەرد و "کۆکتیل مۆلۆتوف" بەرپەرچ دایەوە.

لە لایەکی دیکەوە، هێزەکانی رێژیم لە مهاباد و بۆکان و مەریوان دەستیان داوەتە گرتن و راپێچکردنی ژمارەیەك لە کەسوکاری ئەندامان و پێشمەرگەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ولەو نێوەدا ژمارەیەك کەسی دیکەشیان ڕەمەکیانە دەسگیر و ڕەوانەی زیندان کردوە.

لە کاتێکدا ئەم ڕاگەیەندراوە، ئامادەی بڵاو کردنەوە بوو لە مهابادەوە هەواڵمان پێگەیشت کە راپەڕین لە گۆڕەپانی ئیستیقلال و گەڕەکەکانی پشت تەپەوە دەستیپێکردۆتەوە و دووکان و بازاڕی ئەو گەڕەکانە داخراون.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

25ی/پووشپەڕی/2705

16ی/جولای/2005

سەعات: 11 بە کاتی هەولێر

www.ruk2691.com

Email: ruk2691@yahoo.com -TEL: 009647504480467 کوردستان(ناوەندی)

Email: ruk_usa@yahoo.com, TEL: 202-4923-235, 519-489-0162, 703-286-5389 ئەمریکا

Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157 ئوروپا

ئادریس: باشوری کوردستان، هەولێر شەقامی شەست میتری، کۆڵانی19 ، گەڕەکی336 – مامۆستایان، ژمارەی خانوو(7)

TEL:2226682 - Mob: 4480467